# ئیسلام ئایینی ئاشتی یان ڕێنمایی تیرۆر؟ وەڵامێک بۆ وڕێنەکانی سوار سەلیم-ی نەوەی ئەبو جەهلو ئەبو هوڕێرە! ... بەشی هەژدەهەمو کۆتایی ... پێشەوا کەرکوکی

## کاوێژکردن هەر پیشەی ئێوە بووە ســــوار ســـــــــەحاف:

هەروەکو لەبەشی سێیەمی وەڵامەکەمدا ئاماژەم پێکرد کە سوار سەلیمی نۆکەرو بەگرێگیراوی عارەبو ئیسلامییە تیرۆریستەکان، تاوانی بەکرێگیراوێتیو نۆکەرێتی دەداتە پاڵ نەیارەکانی لەپێناوی شاردنەوەو داپۆشینی بەکرێگیراوێتیو نۆکەرێتی خۆی، ئەمجارەیان سیفاتێکی خۆیو ئیسلامییەکان کە کاوێژکردنێکی بەردەوامو ڕۆژانەیانە دەیەوێت بیکات بەسیفاتی من! ئاخر کێ هەیە بەقەد ئیسلامو ئیسلامییەکان کاوێژ بکات؟ ڕۆژێ بەسەدانو هەزاران جار (فاتیحە) کاوێژ دەکەن، لەشەو و ڕۆژێکدا 5 جار لەمیکرۆفۆنی مزگەوتەکاندا کاوێژی بانگدان بەدەنگی بەرز دووبارە دەکەنەوە تادەگاتە ئاستی (إن أنكر الاصوات لصوت الحمير)و بێئەوەی ڕەچاوی هیچ بارێکی مرۆڤانە بکەن، شەو و ڕۆژ 17 جار نوێژ کاوێژ دەکەنەوە، هەفتەی جارێک بەکۆمەڵ (جماعة)و زۆر بەبێتامی لەڕۆژانی هەینیو بۆماوەی 1-2 کاتژمێر نوێژی هەینی کاوێژ دەکەنەوە، پاڕانەوەو نزاکانتان هەر هەمووی کاوێژ کردنە، قورئان خوێندنی ڕۆژانەو بێجەمو دەمتان گشتی کاوێژکردنە، زیکرو حاڵ گرتنتان گشتی کاوێژکردنەوەیە، مەولود خوێندنتانو مەراسیمە ئایینییەکانتان ملیۆنەها جار دووبارەکردنەوەی کاوێژەکانتانە، هەموو ژیانتان کاوێژکردنە هەی کاوێژ کەرینە، تەنانەت هیچ ئاژەڵێک بەقەد ئێوە کاوێژ ناکات!

لەبەرئەوەی جاشێتیت بۆ ئیسلامییەکان وەکو ئایەتەکانی قورئانەکەتەو گفتوگۆ هەڵناگرێت، بۆیە داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئیمپریالیزمی ئیسلامییەوە بە ڕزگارکردن دەزانیت! حۆریو غیلمانو ڕووباری شەرابی بەهەشتی خەیاڵیتان وا سەری لێشێواندوون کە جاشێتیو نۆکەرێتیتان لێبووە بەنیشتمانپەروەری، هەرچەندە ئێوەی نۆکەر زۆر دوورن لە نیشتمانپەروەریو خەبات لەپێناوی نەتەوەی کوردو خاکی کوردستان، هەروەها خزمەتکردنی کوردو کوردستانتان بەلاوە بۆتە ناپاکی نەتەوەو نیشتمان، ! ئاخر ئەوە کەی ڕزگارکردنە هەی ناپاک، کاتێک کە تەڕو ووشک بەیەکەوە بسوتێنرێتو بەتەنیا لەشارێکی وەکو شاری گورگانی کوردنشینو کوردستانی (12) هەزار کورد سەرببڕدرێن؟ ئەوە کەی ڕزگارکردنە هەی جاش ئیسلامی، کاتێک کە بەتەنیا لەشارێکی وەکو شاری گورگانی کوردان (6) هەزار ژنو کچی کورد وەکو کەنیزەک بەتاڵان ببەنو دەستدرێژیان بکەنەسەرو لەخۆیانیان مارە بکەنو داگیریان بکەن؟ ئەوە کەی ڕزگارکردنە هەی جاهیلی نەوەی (ئەبو جەهل)، کاتێک سەدان هەزار کورد بکوژرێن؟ ئەوە کەی ڕزگارکردنە هەی کۆیلەی ئیسلامو عارەب، کاتێک کە بەدەیانو بەسەدان هەزار هاووڵاتی کوردی کوردستان بەکۆیلە ببەنو یاسای بەکۆیلەکردنی ئیسلامیان لەسەر جێبەجێ بکەن؟ ئاخر ئەوە کەی ڕزگارکردنە هەی نەزانو نۆکەر، کاتێک میلیشیاکانی ئیسلامت لەژێر سەرکردایەتی پیاوێکی وەکو ئەبو سوفیانی دوودەکی، خەنجەرو شمشێری ژەنگاوی بنێنە ملی دەیانو سەدان هەزار کوردی بێتاوان؟ ئەوە بۆ ئەوەندە هوڕی هەی نەوەی ئەبو هوڕێرە؟

مەلا سوار سەلیمی سەحاف، باسی ئەوە دەکەیت، ئەگەر کورد یان هەر نەتەوەیەکی تر بەزۆر کرابنە ئیسلام، بۆ هەڵنەدەگەڕانەوە؟ لێرەدا دەمەوێت پەردە لەسەر ئەو ناڕاستییانەت هەڵدەمەوەو چەند بەڵگەیەکت بۆ بێنمەوە دەربارەی بەرەنگار بوونەوەو هەڵگەڕانەوەی ئەو نەتەوانەی کە بە شمشێرە ژەنگ گرتووەکەی محەمەدو خەلیفەکانی تر، بەئیسلام کراونو دواتر هەڵگەڕاونەتەوەو کوشتاری زۆریان لێکراوە، بەڵام ئێوەی ئیسلامی مێشک ژەنگ گرتوو، کەی باوەڕتان بەبەڵگە هەیە؟ هەندێک لە بەڵگەکان ئەمانەن: بەر لەهەموو شتێک، هۆی نووسینی یان هاتنە خوارەوەی سورەی شمشێر (ئەلتەوبە)ی قورئانەکەی خۆتان، کە لە (129) ئایەت پێکدێت، ئەوەیە کە محەمەد، بەتەواوی بێزار بووە لەکۆمەڵێک عارەب کە چەندینجار بوونە موسڵمانو هەڵگەڕاونەتەوەو شەڕی موسڵمانانو محەمەدیان کردووە،

بەشێوەیەکی گشتی ئەو سورەیە (ئولتەوبە) بریتییە لە سەپاندنی ئایینی ئیسلام بەزەبری شمشێرو، هەروەها ڕاگەیاندنی بڕیاری شەڕو کوشتنو جینۆسایدکردنی ئەو کەسانەی کە لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوەو، لەو سورەیەدا قورئان ناوی ئەو کەسانە بە موشرکین دەبات. باشە ئەگەر قورئانەکەت خۆی وابڵێتو تۆش ئەوەندە کەللە ڕەق بیتو دروشمی (پیاو ئەو پیاوەیە کە لەقسەی خۆی پەشیمان نەبێتەوە) بەرز کەیتەوە، چی بەخۆت دەڵێیت؟ قورئان وا بەئاشکەرا ددان بەوەدا دەنێت کە کۆمەڵێکی زۆر لەخەڵک لەئیسلام پەشیمان بوونەتەوەو بە پەیمان شکێنو موشرکینو ئەعراب ناوزەدیان دەکات، هەر ئەو پەشیمان بوونەوەیان بۆتە هۆی ئەوەی قورئانو محەمەد بانگەوازی ئەنفالکردنی ئەوکەسانە بەگوێچکەی موسڵماناندا بچرپێنن. باشتر وایە سەیرێکی ئەو سورەیە بکەیت، کە تەنانەت محەمەد لەو سورەیەدا کە تاکە سورەیە بەبێ (بسم‌الله الرحمن الرحیم) دەستی پێکردووە، قورئانی ئاسان، ل187.

هۆنەرو مامۆستا مەلا ڕەئوف سەلیم حەویزی، کە نەوەی ئەمین ئاغا (ئەختەر)ی هۆنەرەو، پەرتووکێکی (132) لاپەڕەیی بەهۆنراوە نووسیوە سەبارەت بە پەلامارو هێرشەکانی میلیشیای ئیسلام بۆ سەر خاکی کوردستانو، باسی چۆنیەتی هاتنی ئەو میلیشیا دڕندانەیەی ئیسلام دەکات. مەلارەئوف، لە لاپەڕە (6)ی ئەو پێشەکییەی کە بۆ پەرتووکەکەی نووسیوە، دەڵێت: (ئێتر هیوادارم کە بەم بەرهەمەم خزمەتێکی بچووکی مێژووی کوردم کردبێ. ئەمیش کاتی داگیرکردنیەتی لەکاتی ئیسلام). لێرەدا مەلا ڕەئوف، داگیرکردنی کوردستان لەلایەن داگیرکەرە عەرەبە ئیسلامییەکان بە داگیرکردن ناودەبات، نەک ڕزگارکردن هەروەکو نۆکەرو بەکرێگیراوو ئەلقە لەگوێکانی ئیسلامو عارەب ناویان ناوە ڕزگارکردن! هەروەها مەلا ڕەئوف، لەسەر بەرگی دواوەی پەرتووکەیدا دەنووسێت: (ئەم پەرتووکە، باسێکی مێژوویی گرتنی کوردستانە لەکاتی خەلیفەی دووهەمی ئیسلام، عومەری کوڕی خەتاب. کە بەسەرۆکایەتی خالیدی کوڕی وەلید وە پیشاندانی ئەو شەڕانەی کە لەبەینی کوردەکانو ئیسلامدا ڕویدا جا باسێکی گرنگەو خوێندنەوەی زۆر پێویستە بۆ زانینی ڕابردووی باپیرانمان لە کوردستان وەچۆنیەتی دەست کردنەوەیان لەو شەڕانەی کە لەهەموو شارو دێیەکی کوردستان ڕوویداوە)(1). باشە سوار سەلیم سەحاف، چۆن وەڵامی ئەو نووسینەی مەلا ڕەئوف حەوێزی دەداتەوە، کاتێک کە دەڵێت: کورد لەهەموو شارو دێهاتێکی کوردستاندا کورد ڕووبەڕووی میلیشیای داگیرکەری ئیسلام بۆتەوەو، دوای شەڕو کوشتارێکی زۆر لەژێر کاریگەری شمشێرە ژەنگ گرتووەکانی عارەبو موسڵمانە هۆڤییەکان ئیسلام بووە؟

پرۆفیسۆرو مێژوونووسی کورد، دکتۆر جەمال نەبەز، دەفەرموێت: (مێژوو ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە کوردەکان لەزۆربەی ڕاپەڕینو شۆڕشەکانی دژ بەدەسەڵاتداریتی دەوڵەتی ئیسلامیدا بەشدارییان کردووە. (جەمال نەبەز، حول المشکلة الکوردیة، ل6). ئەوەی دکتۆر جەمال نەبەز نووسیویتی ئەوەمان بۆ دەردەخات هەرکاتێک کوردە بەزۆر بەموسڵمان کراوەکان دەرفەتی پاشگەزبوونەوەیان بۆ هەڵکەوتبێ، ئەوە بێ دوودڵی شۆڕشیان لەدژی دەسەڵاتی نارەواو دڕندەی ئیسلام بەرپاکردووە، یان بەشداری ئەو ڕاپەڕینو شۆڕشانەیان کردووە کە نەتەوەکانی تر لەدژی هۆڤییە ئیسلامییەکان بەرپایانکردووە.

هەروەها هێژاو پایەبەرز، دکتۆر جەمال نەبەز، دەفەرموێت: (کاتێک ئیسلام لەساڵی (18ک/639ز)دا گەیشتە کوردستان، کوردەکان ماوەیەکی دوورو درێژ دژی ئەم ئایینە نوێیە جەنگان. تا ئەوڕۆش گەلەک گۆڕستان لەکوردستاندا هەن، کە هەندێکیان بەگۆڕستانی ئەسحابەو هەندێکی دییان بەهی کافران ناو دەبرێن. ئەو (کافرانە)، ئەو باپیرانەی کوردن کە لەجەنگی دژ بەئیسلام کوژراون، یاخود ئەوانەن کە بە ناموسڵمانێتی شەهیدبوون). (جەمال نەبەز، کوردستانو شۆڕشەکەی، ل76). لێرەدا دووبارە دکتۆر جەمال نەبەز، پێمان دەڵێت کە کورد بەرهەڵستی داگیرکەرە عارەبە ئیسلامیەکانیان کردووەو بەخۆشی خۆیان موسڵمان نەبوویینە، هەروەکو سوار سەلیمی بێئاگا بانگێشەی بۆ دەکات. هەروەها سوار سەلیمو بەکرێگیراوە ئیسلامییەکانی هاوشێوەی ئەو، ئەگەر ئەو هەموو

گۆڕستانەی عارەبە موسڵمانە داگیرکەرەکانو شەهیدە کوردە بەرگریکارەکان نەبینن، دیارە حۆریو غیلمان کوێری کردوون!!!!!

عەلی ئەحمەدی رۆشەنی، دەنووسێت: (شەڕی جەلەولا، لەساڵی 637ز کە یەزگورد بەتەمای هاتنەوە دوبارەی لەسەرتەختی پاشایەتی لەکاتی هەڵاتن دەرچووە "حەلوان" کە شارێکی بەناوبانگی کوردستانە. بەهەواڵی گەیشتنی یەزگورد، سوپای ئیسلام بەرەو حەلوان کەوتەڕێ. لەم شەڕەدا کورد زۆری لێکوژرا. عارەبەکان نزیک بە سەد هەزار ئەسپیان برد کە بەناوبانگ بەئەسپی مادی بوونو بای پارەیەکی زۆر بوو. (عەلی ئەحمەدی رۆشەنی، کوردستان لەئاوێنەی مێژوودا، ل47). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە قسەکەی دکتۆر جەمال نەبەز راستەو کوردەکان تەنانەت بەشداری ئەو شۆڕشو راپەڕینانەشیان کردووە کە نەتەوەکانی تر بەرپایانکردبێت لەدژی داگیرکەرانی ئیسلام.

عەلی ئەحمەدی رۆشەنی، دەنووسێت: (شەڕی نەهاوەند، لەساڵی 642ز روویداوە. دیسان کورد رۆڵێکی زۆری بووە کە یەزگورد خۆی هانای بردووە بۆ کوردەکان. فەرماندەی لەشکری ئێران کەسێکی کورد بووە بەناوی فیرووزان. فەرماندەی سوپای عارەب ناوی نوعمان بووە کە لەو شەڕەدا ئەکوژرێتو خەلیفە خۆی لەشوێنی نوعمان سەرپەرشتی سوپاکە ئەگرێتە ئەستۆ. لەو شەڕەدا گەلێک لەکورد لەناو خوێندا تلیاونەتەوەو یەزگورد خۆی دیسان هەڵاتو لەکۆتاییشدا کوژرا). (عەلی ئەحمەدی رۆشەنی، کوردستان لەئاوێنەی مێژوودا، ل47-48). لێرەدا نووسەر دووبارە باسی ئەوە دەکات کە کوردەکان هاوکاری شۆڕشو راپەرینی فارسەکانیان کردووە لەدژی دەسەڵاتی بێویژدانانەی موسڵمانە عارەبەکان. رەفتارو کردەوەکانی میلیشیا عارەبە موسڵمانەکان لەدژی ئەو نەتەوانەی کە خاکەکانیان لەلایەن ئەوانەوە داگیرکراوە، دەیسەلمێنن کە هێشتا مێژوو داگیرکردنو پەلاماری وا درِندانەو بێویژدانانەی بەخۆیەوە نەدیوە!

نووسیوتە: (لەڕاستیدا لە کوردستان شەڕێکی ئەوتۆ لەدژی موسڵمانان نەکرا، ئەو تۆزە شەڕەش کە کرا سەرکارو نۆکەرەکانی فارسەکان کردیان). لە لایەک سەد بەرددت بە سەحاف داداوەو لەویشت تێپەڕاندووە، لە لایەکی ترەوەش هاتووی بەزمانی بەعسیانەو بەئەقڵی عارەبێکی موسڵمانی شۆڤێنیو مەلایەکی سەرلێشێواوی (1400) ساڵ لەمەوبەر قسە دەکەیت! دەرهەق بەوەی کە لەکوردستاندا شەڕێکی ئەوتۆ لەدژی موسڵمانان نەکراوە، فەرموو مەلا بەختیار، ئەندامی بیرۆی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەنووسێت: (هەر لەیەکەمین شەڕی قادسیەی لای جەلەولاو حەلوانو خانەقینەوە، ئیدی لەوساوە شەڕو پەلامار بەردەوام بووە هەتا ناوچەکانی ئێرانو کوردستان دوای (سێ چوار سەدە) دەستیان بەسەراگیراوە، دوای ئەو ماوە دووروودرێژە پڕ لەڕوداوە خوێناوییە، ئینجا کوردو نەتەوەکانی تر کراونەتە موسڵمان).(2). چونکە بەناپاکی گۆشکراونو هەر بەناپاکیش فرچکتان خواردووە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر نەتەوەیەک لەپێناو نەتەوەو نیشتمانەکەی خۆیدا شەڕ بکات، بەنۆکەرو سەرکاری دەزانن، بەڵام شەڕکردنی خۆتان لەپێناو داگیرکەرو لەبەرژەوەندی بێگانەدا کە نۆکەریو کرێگرتەییە بەنیشتمانپەروەری دەزانن!

نووسیوتە: (ئیسلام هات کوردی رزگارکرد لەژێر پێلاوی فارسەکاندا). خۆزگە وابوایە مەلا سەلیم سەحاف، بەڵام ئیسلام هات کوردی ئەگەر لەژێر پێی فارسەکان دەریش هێنابێت، ئەوە خۆی سواری سنگی کورد بوو و بوو بە مۆتەکەی شۆڕشو گیانی کورد. مەلا نۆکەر، ئەوکاتە دەتتوانی بڵێی کوردی رزگارکرد، ئەگەر بێتو خۆی دەستی بەسەر خاکی کوردستاندا نەگرتایەو ئەو هەموو کوشتو کوشتارەی لەکورد نەکردایەو، مافی تەواوی کوردی بدایە، نەک خۆی دەست بەسەر کوردستاندا بکاتو ژێردەستەی خۆی بکاتو هەرچی زێڕو سامانو کچو ژنی جوانی کورد هەیە تالانیان بکات! ئیسلام جگە لەوەی هاتو کوردی لەژێر دەسەڵاتی فارسەکان دەرهێناو خستییە ژێردەستی خۆی، کە تەنیا جێگۆرکێ بەداگیرکەرەکان کراو ئیسلام شوێنی فارسی گرتەوە، بەڵکو ئیسلام کوردی ئەنفال-یش کرد!

نووسیوته: (مانەوەی کەمایەتییە ئایینییەکانی وەکو جوولەکەو نەسرانی یەزیدیو (سەیرکەن ئەو زرِ کوردە لەبری ئێزیدی نووسیویەتی یەزیدی – پێشەوا) سابیئەو ..... هتد نیشانەی ئەوەیە کە ئیسلام بەزۆر بەسەر کەسدا نەسەپێنراوە، ئەگینا ئەمانە ناویان لەکوولەکەی تەریشدا نەدەما). هەرکەسێ تۆزێک ئاقڵ بێت، ئەوا هەرگیز پێت باوەڕ ناکات، چونکە ئەوەی ئیسلام کردوویەتی لەپێناوی لەناوبردنو قرکردنی ئایینەکانی تردا، هیچ ئایینێک یان نەتەوەیەکی سەردەست لەدژی ئایینو نەتەوەکانی تردا نەیانکردووە، ئەوەندەی مێژووی ئیسلام پر خوێناویو درِندانەیە، مێژووی هیچ ئایینو ئایینزاو نەتەوەیەکی تر بەقەد ئایینەکەی ئەوان خوێناویو هۆڤیانە نەبووەو نییە! سەیرکە بزانە مەلا بەختیار، سەبارەت بەو بۆچوونەی زرِ کوردێکی وەکو تۆ چی دەڵێت: (لەیەکەمین ساتەکانی هێرشەکانی سوپای دەسەڵاتی ئیسلامی، بۆسەر میللەتانی ناعارەبو ئایینو بیرورِا جیاوازەکانی نائیسلام، ئەو میللەتانە ناچاری خۆ بەدەستەوەدان کراون. (هەروەها ئایینی کریستانیش وایکردووە) هەر لەوساشەوە کە ئاڵای بیروباوەڕی ئایینی لەسەر کۆشکی پاشایانو پێشەنگی سوپای ئاینەکان هەڵکراوە، رێک لەوساوە ئازادی بیرو، ئازادی ویژدان، کراونەتە قوربانی دەسەڵاتخوازان. ناوبەناو ئەگەر دیاردەیەک پێچەوانەی دەسەڵاتی داسەپاوی ئایینەکانیش سەریانهەڵدابێ، کورتیان خایاندووەو کۆتاییشیان بەکوشتو کوشتار هاتووە، هەر ئایینو مەزهەبێکیش، توانیبێتی بمێنێ، بێگومان سەرەنجامی بەرەنگارییەکی زۆرو قوربانیەکی بێشومار، خۆیان پاراستووە، کوشتارو تالانو برِۆی زەردەشتیەکان، کاکەییەکان، یەزیدیەکان، قەڵغانی، سنجابیو هەموو ئەو بیروباوەرِانە، بەڵگەی حاشاهەڵنەگری تاوانگەلێکی قێزەونن لەمێژوودا، کە لەلایەن سوپای سەرکوتکەری دەسەڵاتەکانی ئیسلامەوە، کراوەتە سەریان).(3). نازانم، کام ئایین، ئایینزا یان نەتەوە هەیەو ئیسلام دەستی پێ گەیشتبێو، گورزی کوشندەی ئەوانی وێ نەکەوتبێ؟ یاخود کامیان لەسەر دەستی ئیسلام تووشی چەوسانەوە، تالان، برین، سووکایەتی پێکردنو ئەنفال کردن نەهاتبن؟

(1). مەلا رەئوف سەلیم حەویزی، کوردستانو ئایینی ئیسلام، چاپخانەی جامعة، بغداد 1970.
(2). باقر یاسین، مێژووی خوێناوی عێراق روداوەکان – هۆکارەکان چارەسەرەکان، وەرگێرانی حەمەساڵح گەلاڵی، پێشەکیو پەراوێز مەلا بەختیار، چاپخانەی داناز، چاپی یەکەم، سلێمانی 2004.
(3). سەرچاوەی پێشوو، ل 3.